# بنەماکانی فەلسەفەی بێهودەیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

**ڤیان عەباس ئیسماعیل[1]، هێمداد حوسێن بەکر [2]**
[1,2] بەشی کوردی، کۆلیجی پەروەردەی ، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بنەماکانی فەلسەفەی بێهودەیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا)یە. فەلسەفەی بێهودەیی یەکێکە لەفەلسەفە تازەکانی سەدەی بیستەم، بنەماکانی لە هەردوو فەلسەفەی پوچگەرایی و بوونگەراییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەکە بوون بە شتێکی بێمانا دادەنێت، بە بۆچوونی پەیڕەوکەرانی فەلسەفەکە مانایەك هەیە بۆخودی ژیان، بەڵام ئەو مانایە بێمانایە و ئەوەندە گرنگ نییە، بۆیە لە کۆتاییدا دەبێت خۆمان مانایەك بۆ ژیان دروست بکەین و ئامانجێك بۆ بوونمان لەم ژیانەدا دابنێین، لەبەرئەوە هەر یەك لە کیرگارد و ئەلبیرت کامۆ دواجار خۆیان لە بێمانییدا دەبیننەوە. ئەم بۆچوونانەی کە بوونە بناغەیەك بۆ دروستبوونی فەلسەفەی بێهودەیی لەئەدەبیشدا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو، چونکە لەکۆتاییدا هەر دەقێکی ئەدەبی ئامانجی بیر و باوەڕ و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتە دەڕژێتە نێو دەق، بنەماکانی فەلسەفەکە لەئەدەبی کوردی بەگشتی و لە شیعری کلاسیکیدا بەتایبەتی بە شێوەیەکی ڕەها بەرچاو دەکەوێت، کە شاعیرانی کلاسیك بە ئەزموونی ئەدەبیی خۆیان ویستوویانە مانا و واتایەکی دیاریکراو بۆ ژیان و بۆ بوون دروست بکەن، لەوێشەوە پابەندی چەند تایبەتمەندییەکی دیاری فەلسەفەی بێهودەیین.ڕاستە وەکو مەودا تێکناکەنەوە، بەڵام بێبێهودەیی پێش ئەوەی وەکو میتۆدێکی فەلسەفی دەرکەوێت، پرسیاری مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لەمەڕ بوون و ژیان و مردن هەبوە.

**وشە سەرەکییەکان:** فەلسەفە، بێهودەیی، بێمانایی، شیعر، شێعری کلاسیك.

## 1. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی بێهودەیی، وەکو فەلسەفەیەکی سەردەمیانە، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە ئەدەبیاتی فەڕەنسیدا بووە جێگای بایەخ، کە لە باری سایکۆلۆژیەوە مێژوویەکی کۆنتری هەیە، چونکە مرۆڤ هەر سەرەتاوە لە جیهان و بوون وردبۆتەوە و سەراسیمەی کردووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە تیایدا باس لەهەندێك خاسیەت و تایبەتمەندیی ئەو فەلسەفەیە لە ئەدەب و دەقی ئەدەبیدا بکەین. لەم چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (فەلسەفەی بێهودەیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا)یە. بۆ پاڵپشتی لە بۆچوونەکانمان شیعری بەشێك لە شاعیرانی کلاسیکیمان لە ڕوانگەی فەلسەفەی بێهودەییەوە شیکردۆتەوە.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بەو پێیەی دونیای ئەدەب دونیایەکی فراوانە و هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتییە لەبەرئەوەش چەندین فەلسەفەو بیر و ئایدۆلۆژیای ئاوێتەبووە و بەجۆرێك بوون بە بەشێکی جێگیر و چەسپاو تێیدا. گومانی تێدانییە فەلسەفەی بێهودەییش هەر وەکو فەلسەفەکانی تر و فەلسەفەیەکی سەردەمیانە دەکرێت لە ئەدەب بە گشتی و لە شیعردا بەتایبەتی کاریگەرییەکی ئەوتۆی دروست کردبێت، بۆ ئەوەش ویستمان جەخت لەسەر هەندێك بنەمای فەلسەفەی بێهودەیی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بکەینەوە و بەڵگەی بوونی ئەو فەلسەفەیە لە شیعری کلاسیکدا بسەلمێنین.

### ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوە زیاتر جەخت کردنەوەیە لەسەر بنەماکانی بێهودەیی لە شیعری کلاسیکیی کوردی، بەتایبەتی شاعیرانی وەکو(نالی، سالم، کوردی، حەمدی، حاجی..).

### گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:

لەمیانەی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەکو هەموو لێکۆڵینەوەیەک گرفتی خۆی هەبوو، دیارترین ئەو گیروگرفتانەی لەکاتی کۆکردنەوە سەرچاوە خوێندنەوە و نوسیندا نەبوونی سەرچاوەی فەلسەفی و بە تایبەتی فەلسەفەی بێهودەیی بە زمانی کوردی بوو، ئەمە سەرباری ئەوەی تێکەڵاوییەکی زۆر لە نێوانی چەمك و ڕێباز و فەلسەفە و دیدی بێهودەیی و فەلسەفە هاوشێوەکانی وەکو بوونگەرایی و ناماقووڵیدا هەبوو، بەڵام کێشە یان پرسە سەرەکییەکە ئەوەیە دەکرێ و دەتوانین بەو چەمکە فەلسەفییە نوێیە شیعری کلاسیکیی کوردی پێ ڕاڤە بکەن یان نا ؟

### پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

بنیادی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: **بەشی یەکەم:** لە سێ تەوەرە پێکهاتووە، کە بە شێوەیەکی تیۆری مێژوو و بنەما و خاسیەت و ڕابەرانی فەلسەفەکە ڕوونکراوەتەوە. لەتەوەرەی یەکەمدا هەوڵمان داوە چەمك و زاراوەی بێهودەیی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٨ کانوونی دووەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٨ شوبات ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٩ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: vian.esmai@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ ڤیان عەباس ئیسماعیل، هێمداد حوسێن بەکر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp188-196

بخەینەڕوو. لەتەوەرەی دووەمدا سەرەتایەکی مێژوویی و دەسپێکی فەلسەفەی بێهودەیی خراوەتە ڕوو، لەتەوەری سێیەمدا تایبەتە بە خاسیەتەکانی بێهودەیی.

**بەشی دووەم**: ئەو بەشەیان پراکتیزەکردنە،کە لە یەك تەوەرە پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی خاسیەت و بنەماکانی فەلسەفەی بێهودەیی لەسەر هەندێك شیعری شاعیرانی کلاسیکدا پراکتیزە کراوە.

## 2. چەمك و زاراوەی بێهودەیی:

بێهودەیی فەلسەفەیێکە بوارەکانی ئەدەب و هونەریش دەگرێتەوە، وەکو هەر یەکێك لە فەلسەفەکانی دی، بەڵام بە جیاوازیی میکانیزمی کارکردن لە چوارچێوەیەکی سنورداری بەرتەسکتردا خۆی دەنوێنێت، گومانی تێدا نیە. سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەر فەلسەفەیەك دوو ئامانج دەپێکێت، یا ئەوەتا ڕەتکردنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی فەلسەفەکەی پێش خۆیەتی یانیش ئامانجی تەواوکارییە، بەڵام فەلسەفەی بێهودەیی، کە هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندیی ئەدەبی و فکرییە بۆیە بە شێوازێکی زۆر جیاواز خۆی پێشکەشدەکات. بۆ زیاتر ناساندن و ناسینی فەلسەفەکە، پێوست دەکات سەرەتا لە بنچینە و بنەڕەتی زاراوەکەوە دەستپێبکەین، دواتر بۆ لق و پۆپەکانی کە لێی جیادەبێتەوە هەنگاو بنێین.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی{المؤمنون} و لە ئایەتی 115دا باسی بێهودەیی دەکات ((أفحسبتم أنما خلقناكم عبثا)) بەو واتایەی ئایا ئێوە وا گومان دەکەن،کە ئێوەم وەکو یاری و شتێکی بێمانا دروستکردووە، دیارە لێرەشدا عەبەس بەواتای هیچ و بێمانایی و بێئامانج و بێسوود هاتووە، هەروەها لە فەرموودەیەکی پێغەمەریشدا (د.خ) وشەی عەبەس هەروەکو واتاکانی، کە لەپێشدا باسکران هاتووە ((من قتل عصفورا عج الى الله يوم القيامة يقول يارب ان فلانا قتلني عبثا ولم يقتلني منفعة))، کەواتا بەشێوەیەکی گشتی واتای زاراوەی عەبەس یان بێهودەیی لەبازنەیەکی نەرێنیدا دەخولێتەوە، هەرلەبەرئەوەشە ((هەموو کۆکن لەسەرئەوەی کە عەبەس کارێکە کە هیچ سوود و مانایەکی نییە، هەروا لە کۆتاییدا لەگەڵ دەلالەتی دەروونی و ئەدەبی ڕێکدەکەوێت)) [ابوزيتون:8:2011 ]،کەواتە بە شێوەیەکی گشتی چەند خاڵێکی نەرێنی و نەگەتیڤ دەبنە چەقی کار و بەرهەمی پەیڕەوکەرانی ڕێبازەکە و لەو خاڵەدا دەپێڵنەوە و پەیوەستی دەکەن.

زاراوەی بێهودەیی بە شێوازی جۆراوجۆر لە فەرهەنگە ئەدەبیە جیاوازەکاندا لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، بۆ نمونە لەهەندێك فەرهەنگی ئەدەبی و فەلسەفیدا چەند دەستەواژەیەکی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، وەکو ((ناماقووڵ، بێسوود، هیچ و پوچ، پێکەنیناوی، هەراوهۆریا))[وهبه:1984:ص340]، چەمکی بێهودەیی بە واتا فراوانەکەی هەڵگری کۆمەڵێك واتا و دەلالەتی هاوشێوەیە و لەسەر یەك هێڵی ئەرکێن، کە بە هەموویانەوە گوزارشت لە خودی فەلسەفەکە دەکەن، هەروەها ((لە فەرهەنگی وێبستەردا لە بارەی واتای Absurd دا نوسراوە بارودۆخ و ڕێساگەلێك، کە تێیدا مرۆڤ لە جیهانێکی نالۆژیکی و بێمانایی دەژیت و لە ناویدا مرۆڤ هیچ واتایەکی لە دەرەوەی بوونی خۆیدا نییە))[حوسێن؛ نازم:387:2018], ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی فەیلەسوفی بوونگەرایی یان وجودیەت یەکدەگرێتەوە کاتێك دەڵێت ((هیچ بوونێك بوونی نابێت تەنها لەناو خودی خۆیدا نەبێت بە هەموو دەستپێکردن و سنورەکانییەوە))[راغب: 1983 :152], هەموو بوونێك لەم گەردونەدا لە کاروانی فەلسەفەدا بەجێنەماوە و بابەت و پەیوەندییەکانی بوونەتە باس و خواسی فەیلەسوفان، بەتایبەتیش فەلسەفەی هاوچەرخ بە دووبارە بەسەرکردنەوەیان ڕێچکە و ڕێرەوی تازەی بۆ خوڵقاندوون، بۆیە بە جۆرێك دەبینین تێڕوانینەکان دەربارەی هەریەکەیان جیاوازە، تەنانەت لە ئەدەبیشدا بۆچوون و لێکدانەوەکان دەگۆڕێن، هەریەك لە ڕەخنەگر و تیۆریستان لە گۆشەنیگایەکەوە بۆی دەچن، سەبارەت بە بێهودەیی بە هەمان شێوەیە، لەبەرئەوە((ئێستا فەلسەفە ئەو وشەیە بۆ وەسفی بیرۆکە لێکدراوەکانی ناو ڕەگەزە دژیەکەکان، کە یاساکانی لۆژیك تێکدەشکێنێت بەکاردێنێت، بەڵام ئەدەب هەمان وشە بۆ گوزارشتکردن لە کاردەوانەکانی مرۆڤ لە دونیای پڕ دژایەتیدا ئەقڵی خۆی بە مانا دەدۆزێتەوە و شتێکی قبووڵکراو نادۆزێتەوە)) [ابوزيتون:9:2011].

لەلایەکی دیکەوە لەزمانی فەرەنسیدا هەندێك لەو واتایانەی، باسمانکردن دوور دەکەوێتەوە، بۆنمونە دەڵێت ((ئەو شتەی گوێ بێزاردەکات، هەستەکان ئازاردەدات، ئەو دەنگەی زۆر توندە، گرنگترینیان جنێودانێکی ناماقووڵ و پێکەنیناوی و سەرلێشێواو و دابەشکراو و ناڕێك و هەستیار و ناشارستانییە)) [البنهاوی: 11:1998]، هەتا ڕادەیەك لێرەدا مانا و دەلالەتی زاراوەکە بە لاڕێیەکی ڕێگاکەدا دەڕوات یان دەکرێت بگوترێت لەسەر هەمان هێڵی نەرێنی واتاییدا تێدەپەڕێت، بەڵام بە شێوازێکی دی.

هەروەها لەزمانی عەرەبیدا و لەلای شاعیر و نوسەری عەرەب (نجيب محفوظ) چەمکی بێهودەیی واتە ((لەدەستدانی واتا، واتای هەرشتێك، لەناوچوونی بیروباوەڕ، بیروباوەڕ بەهەرشتێك و ڕۆیشتن و هاندان لە ژیان بەرەو خێروچاکە بەتەنها))[حماد:54:2002]، لەلایەکی دی لە فەرهەنگی دەروونزانیدا بەرانبەر زاراوەی بێهودەیی ((ناماقووڵ، بەڕەڵڵا))[شريف:13:1985] بەکارهاتووە، هەر هەمان سەرچاوە تێڕوانینی هەردوو فەیلەسوف (فرۆید و کامۆ) بۆ زاراوەکە شیدەکاتەوە.((کامۆ (Camus) ئەم زاراوەیەی بەناوی فەلسەفەکەی داناوە، فرۆیدیش ئەم زاراوەیەی داناوە بە مانای دژواری و ناڕێکی لە جۆری بیرکردنەوەی (فصامی)ییەکان، یان ناڕێکی خەونەکان وەك ئەوەی بێمانابن، فرۆید وای داناوە ئەم ناڕێکی و لێلکردنانە بەرچاوەکانن، کەواتە ئەوانەی ئەکەونە سەر ڕوو(ئەگەرچی بە پشکنینی قووڵ مانای شاراوەیان هەیە) )) [شريف:13:1985 ]، زاراوەی بێهودەیی لەڕووی زمانەوانییەوە واتای بێکەڵك و بێمانایی دەگەیەنێت، لە زمانی کوردیشدا هەمان واتای هەیە. زاراوەکە لە دوو وشە پێکدێت، کە بە لێکدانی پێشگری نەرێنی(بێ) و وشەی داڕێژراوی (هودەیی) واتایەکی نەرێنی و داخراو دەبەخشێت.

بەشێك لە ڕەخنەگران پێیانوایە، کە((چەمکی بێهودەیی (Absurd )وەکو زاراوەیەکی بنەڕەتی پەلەپەلەیی لە وجودیەتی ئەوروپییەوە گەشەی کردووە))[consultant:1999:6]، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە لەبەرئەوەی (( بوونگەراکان باوەڕیان بە پوچی و بێهودەیی جیهان هەیە، بۆیە (ئەبرامز) لە فەرهەنگەکەی خۆیدا بە ناونیشانی ئەدەبی پوچگەرایی( Literature of the Absurd ) قسەی لەبارەی ئەم فەلسەفەیەوە کردووە. هەر مرۆڤێك بوونێکی جیاواز و سەربەخۆیە، کە بەشێوەیەکی ناشیرین و ناهەموار فڕێدراوەتە ناو جیهانێکی نامۆوە. سارتەر لەو باوەڕەدابوو، کە هیچ بەها و حەقیقەت و مانایەکی زگماکی لە ژیانی مرۆڤدا نییە، مرۆڤ لە هیچەوە(Nothingness)دەستپێدەکات و دەگات بە هیچ.... ئەم دووە هەردووکیان پوچ و ئازاراوین))[حوسێن و نازم:316:2018]، جیهانبینی و تێگەیشتن لە خودی تاك بە پێی سەردەمە جیاوازەکان و فەلسەفە جیاوازەکان جیاوازییان دەبێت، لەلای فەیلەسوفێك بۆ یەکێکی دی جیاوازیی دەبێت، کە هەر یەکێکیان بە تێڕوانینی کلتووری و کۆمەڵایەتی و هزری بڕیار لەسەرتاك و پەیوەندی بە دەوروبەریەوە دەدات. لە سەردەمێکدا دەگوترا مرۆڤ خودێکی سنوردار و

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp188-196

ماقووڵ و لۆژیکییە، دواتریش لە دوای پەیدابوونی چەند فەلسەفەیەکی تازە مرۆڤ بە بوونێکی تاك و تەنها دادەنێن و هەموو پەیوەندییەکانی بە جیهانی چواردەوری دەپچڕێنن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ((دەکرێت هەموو ئەوانە لە هاوکێشەیەکی سادەدا کورت بکەینەوە، کە مرۆڤ کۆیلەی ئێستایە، واقیعێکە بۆ تۆڵەی زەمەن و بەرهەمی هەلومەرج و گەمەی چارەنووسە، کاتێك بە دوای قەدەردا ڕادەکات، مرۆڤ پڕدەبێت لە پەرۆشی و تەندروستی و وەهم، کاتێك لە خزمەتەکانیش پاشگەزدەبێتەوە، وشك و ماندووی لێدەمێنێتەوە))[یحیاوی:2017-2018:21 ].

### 3. ئاوڕدانەوەیەك لە فەلسەفەی بێهودەیی:

بێهودەیی لە بنەڕەتدا فەلسەفەیێکی هزری و فەلسەفی بوو، هەموو بابەت و چەمکەکان لەسەر بنەمای هزری و عەقڵی سەرچاوەیان دەگرت، هەروەك ئاشکرایە هەتاوەکو سەردەمی ئێستاش بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی بنەما و واقیعی هەر بابەتێکی ئەدەبی و هزری دەبێت بۆ فەیلەسوفانی یۆنانی بگەڕێینەوە، لەبەرئەوەی ئەوان گرێی هیچ بابەتێکیان بە داخراوی جێنەهێشتووە، بۆیە دەبینین بەشێك لەو بابەتە فەلسەفیانە کەم تا زۆر دەبنە سنورشکێن و لەم چواچێوەیەدا دێنە دەرەوە، هەندێکیان وردە وردە لەگەڵ جۆر یان ژانرە ئەدەبییەکان یەکانگیر دەبن و هەندێکیان بە بەرگێکی کامڵی ئەدەبی دەردەکەون، ئینجا بێهودەییش لەسەرەتادا ((لە هەردوو فەلسەفەی بوونگەرایی و پوچگەراییدا دەرکەوت، بەتایبەت سەرجەم خاسیەت و تایبەتمەندی و سەرچاوەکانی بێهودەیی لە بوونگەراییدا بەرجەستە بوو)) [یحیاوی:2017-2018 :20]، ئەگەر سەرنجی بیروباوەڕ و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای پوچگەرایی و بوونگەرایی بدەین، دەبینین جیهانبینیی و دیدی ئەوان زیاتر لە بازنەیەکی پوچ و بێماناییدا دەخولێتەوە و ئامانجیشیان دۆزینەوەی واتایە بۆ شتەکان. (( ئەدەبی پوچگەرایی یاخیبوون و سەرپێچییە بەرامبەر چەند بیر و باوەڕ و بەهایەك، کە لە کلتور و ئەدەبی پێشینەاندا بوونی هەیە و دەناسرێتەوە)) [حوسێن و نازم :2018:385].

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین بوونی هەر فەلسەفەیەك لە سەرەتادا بنج و بنەماکانی بۆ فیکر و تێڕوانینی ئەو فەیلەسوفانە دەگەڕێتەوە،کە بە پێی تێگەیشتنی ڕەوشتی و بەها مرۆییەکان گوزارشت لە بیر و ئایدۆلۆژیای خۆیان دەکەن، لای ئەوان((چەمکی بێهودەیی چەمکێکی کۆنە و سەرەتاکانی بۆ ئەفسانە یۆنانیەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەفسانە لای ئەوان وەك وێنەی مرۆڤێکی سەرەڕۆ پیشاندەدات و لە پەیوەندیی لەگەڵ گەردون تێیدا دەژیت و ئازار دەچێژێت بەشێوەیەکی نەزانراو لەگەڵ سەرەڕۆییەکەی ململانێدەکات)) [سایحی:2018:22]. ئاشکرایە یۆنانییەکان پێشەنگی زانست و فەلسەفە و زۆربەی ژانرە ئەدەبیە جیاوازەکانن و بە پێی چەند بنەما و میتۆدێکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ ئەو دیاردانەدا کردووە.

دواتر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی شۆڕشی دژ بە کەنیسە و پیاوانی ئاینییدا هزری بێهودەیی گەشەی سەند، بەتایبەتیش بەرامبەر بە فەلسەفەی ئیسلامی و سۆفیگەری، کە ((ئەمەش بووە پێوستییەکی گرنگ بۆ هۆکاری هەستکردن بە غەریبی ڕۆحی سۆفیگەرەکان لەخۆیان و لەو جیهانەی، کە ئەوان نایانەوێت و بەزۆریی دەیسەپێنن و بەدوای پاساودا دەگەڕێن بۆ ئەوەش هەستی عەبەسی بەرامبەر بە جیهان بەهێزدەکات))[ادریس:2017:61 ]، هەر گۆڕانکارییەك لەهەر لایەن و بارودۆخێك بێت، سەرەتا نابێتە جێگای ڕەزامەندیی خەڵك و ڕاستەوخۆ قبوڵ ناکرێت، بۆ ئەوەش پرۆگرام و هزری بێهودەییش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕەتکرایەوە، لەبەرئەوەی سەردەمی ئاینی و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی بوو، نەدەکرا نووسەر بە هەر هۆکارێك بێت دژیان بوەستێتەوە.

دواتر لە سەدەی حەڤدە و سەدەی هەژدە، کە سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕەسەنایەتی و عەقڵ و ڕاسیۆنالیزم بوو، بەشێوەیەك لە شێوەکان بنەماکانی فەلسەفەکە لەسەردەمی پێشتر زیاتر پەرەی سەند، بۆ ئەوەش بنەمای فەلسەفەکە ((لە بیروباوەڕی فەیلەسوفانی ئەو سەردەمە ڕەنگیدایەوە، لەسەرەتادا دیکارت، کە دەستی بە لێکترازانی نێوان خودی و بابەتی کرد، کە شکستهێنانی خود و هەستکردنە بە لاوازیی درك نەکردن بەرامبەر دونیای دەرەوە، ئەمەش بووە هۆی پەرش و پچڕانێکی گەورە لە نێو ئەو مرۆڤانەی ئاواتەخوازن دونیای دەرەوە بزانن و لەگەڵیدا بگونجێن، لە هەمان کاتدا خۆی بە جۆرێك دەبینێتەوە، کە ناتوانێت واقیع بگۆڕێت یان دەوڵەمەندی بکات)) [ادریس:2017:62]، ئەمە جگە لە ڕەهەندی تر، ڕەهەندی فکریشی هەیە و پێوەری ئەقڵ بەسەر شتەکانی جیهاندا دەسەپێنێت، بەمەش فەلسەفەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە فەلسەفەی وجودیەت نزیکدەبێتەوە؛ لەبەرئەوەی هاوشێوەی تێڕوانینی فەیلەسوفانی وجودیەت چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان پێوست دەکات لەسەر بنەمای عەقڵ بێت. بوونی مرۆڤ لە پێش چۆنایەتیەکەیدایە، ئەوە بۆچوونی وجودییەکانە، واتە لەدوای بوونی کەسایەتی و شێواز و ماهیەت، خۆی دروست دەکات ((نووسەرانی ئەو قوتابخانەیە کار لەسەر شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بوون دەکەن، چونکە بە بڕوای ئەوان (بوون ) پێشەنگی ماهیەتە، ئەوان دەڵێن مرۆڤ لەناو شتە پوچ و بێهودەکاندا ژیان دەباتە سەر و دڵبەستە و گیرۆدەی هیچە)) [کۆمەڵێك نوسەر:2015:38]. وجودیەت چەمکێکی فەلسەفییە و پێوەر و پرۆگرامی چەند فەیلەسوفێکە، تێیدا مرۆڤ پابەندی هیچ کۆت و بەندێکی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ناسینی ناکەن، تاك خۆی سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ئەو شتەی خۆی پێی گونجاوە و ناچێتە ژێر باری هیچ یاسایەك، بەجۆرێك خۆیان مانا بە شتە بێماناکانی ژیان دەبەخشن و دروستی دەکەن.

لە سەردەمی نوێدا بێهودەیی چەمکێکی تازەی وەرگرت، لەگەڵ گەشە و گۆڕانی کۆمەڵدا هەستی غەریبی و نامۆیی تاك بەرامبەر بە ژیان زۆرتر بوو، بە جۆرێك توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ دونیای زانست و تەکنەلۆژیادا نییە، چونکە بێهودەیی خۆی وابەستەی ژیانێکی پوچ و بێمانایی کردووە ، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی فەلسەفەکە لەو سەردەمەدا فراوانتر خۆی نواند و سنوری چوارچێوەکەی شکاند، ئنجا بە شێوەیەکی زانستی و بە بوونی چەند بەڵگەیەکی بەرجەستە دەکرێت بڵێین سەرەتای دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەم فەلسەفە هزرییە بەشێوەیەکی دیار دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەمەش لەبەرئەوەی (( شەڕ و کۆلۆنیال کردن لەگەڵ داگیرکردن و چەوساندنەوە هەمووی بووە هۆی پەیدابوونی گرفتی ئازادیی مرۆڤی تاك و پەیوەندیی بە کەسانی دیکەوە، لەبەرئەوە فەیلەسوفان کەوتنە گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی بەرپرسیاریەتیی مرۆڤی تاك، پاشان گفتوگۆکردنی ئەو ڕاڕاییە وابەستە بەو بەرپرسیارییەی لە دەروونی ئەوروپاییانەی هاوچەرخدا لە ئاکامی شەڕ و وێرانکاریدا پەیدا بوو))[کاریزی:2001:79]، دیارە ئەنجام و ئاکامی جەنگەکە گۆڕانکاری بوو لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا و دنیای ئەدەب و هزریشی گرتەوە، ئەوەش لەگەڵ دەرکەوتن و پێشکەشکردنی چەند شانۆگەرییەکی ناوەڕۆك پوچ و بێمانا و گاڵتەئامێزبوو، تیایدا چەند نووسەرێك دەرکەوتن و چەند بەرهەمێکی خۆیان لەچوارچێوەیەکی نائاسایی و یاساشکێنەوە بەشێوەیەك ئاماژەکردن بوو بە پوچی لەڕێگەی ئاڵۆزکردن و تەمومژاویەوە بڵاوکردەوە. ((ڕەخنەگری بەریتانی مارتن ئێسلین لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا، شانۆی بێهودەیی بەناوی نوسەری ئێرلەندی ساموئیل

بیکێتەوە پەیوەست کرد، بەتایبەتی شانۆگەرییە بەناوباگەکەی بیکیت بەناونیشانی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا)، کە نمونەیەکی بەرچاوە بۆ شانۆی بێهودەیی، کە هەرایەکی گەورەی لە ناوەندەکانی شانۆی ئەورووپیدا نایەوە، کاتێك لەساڵی1953 لە پاریس پێشکەشکرا)) [صلیحە:125:1997].

بوونی هەر فەلسەفەیێك لە هەر سەردەمێکدا دەکەوێتە بەر شەپۆلی گۆڕانکاری و تازەکردنەوە، بوونی یان دەرکەوتنی چەند فەیلەسوفێکیش لە نێو فەلسەفەکەدا وادەکات بیروباوەڕ و ئاراستەکانیش بگۆڕێن، لەبەرئەوەی هەریەکەیان بەتێڕوانینی خۆی و جیهانبینیەکەی بڕیار لەسەر فەلسەفەکە بدات (( ئێمە بەوە دەگەین کە بێهودەیی لەلای وجودیەکان پەیوەستە بە مرۆڤ و ژیانی و بوونی ئەوەش لە ڕێگەی هەستکردنی بە نامۆیی بەرامبەر بەو جیهانەی تێیدا دەژی بۆیە وا هەستدەکات ژیان بێکەڵك و بێمانایە و هەستی بێهودەیی یان پوچی و بێکەڵکی بەرانبەر بە ژیان دایدەگرێت، وادەبینێت کە ژیان و ئەوەی تێیدایە دژی عەقڵ و لۆژیکە، بۆیە بوونی ئەو لەو ژیانە هیچ ئامانجێکی لە پشتەوە نییە ئنجا لەبەرئەوەش وجودیەکان هەوڵیان دا لەو چوارچێوە عەبەسیە بچنە دەرەوە لە ڕێگەی پێدانی مانا بە ژیان))[سایحی:35:2018]، ململانێی نێوان بوون و نەبوون لای هایدیگەر و دۆزینەوەی ڕاستیی مرۆڤ و بوونی هەروەها مردنیش، خۆی لە سروشتێکی بێهودەییدا دەبینێتەوە لەلای سارتەر، ئنجا لە کۆتاییشدا کامۆ بە توندی پشتیگری سەرهەڵدانی هەموو ئەو بیروباوەڕانە بوو، کە خۆیان لە چوارچێوە فەلسەفیەکەدا دەبینییەوە.

## 4. خاسیەت و بنەماکانی فەلسەفەی بێهودەیی:

هەموو فەلسەفەیەکی ئەدەبی سەرەتای دروستبوون و گەشەکردنی بە هۆی چەند تایبەتمەندییەکەوە گەشەدەکات و پرۆگرامەکانی خۆی دادەڕێژێت، فەلسەفەی بێهودەییش بەهەمان شێوازی فەلسەفەکانی دی لەسەر بنەمای چەند خاسیەتێکی دیاریکراو کارەکانی خۆی بەڕێوەدەبات و بەتایبەتیش هەندێك تایبەتمەندیی بەرجەستەی هەیە، کە دەقی ئەدەبیی پێ دەناسرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ((شانۆی بێهودەیی سەرچاوەکانی تراژیدیا لە شانۆ و درامای توندوتیژییەوە وەردەگرێت، کاتێك کارەکتەرەکانی دەهێنێت و دەیخاتە بەردەم ڕاستییە ترسناکەکانی بەردەم مرۆڤ، وەکو لەدەستدان و ترس و نائومێدی و هەڵاتن، چونکە لێرەدا مرۆڤ ڕازی نییە و بەدوای بەها و مۆراڵەکاندا دەگەڕێت)) [سعدون:362:2016].

### 4. 1 واتای شاراوە و تەمومژی لە دەق یان بەرهەمەکانیاندا بەدیدەکرێت:

بە شێوەیەك،کە زەحمەتە یان ئاسان نییە بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و ئامانجی فەلسەفەکە، چونکە ((لە بری ڕوونی و ئاشکرایی، لە بنچینەی (ئیحا)دا شێوازێکی ڕەمزی بەکاردێنن))[گەردی:170:2017].

### 4. 2 نەگونجان و ململانێی دەروونی لەگەڵ ژیان و واقیعی سەردەم:

یەکێکی دی لە دیاردەکانی پەیڕەوکەرانی فەلسەفەی بێهودەیی دوورکەوتنەوە و قبوڵنەکردنی واقیعی ژیانە، کە بە شێوەیەك هەموو یاسا و دەستورێکی پەیوەست بە ژیان ڕەت دەکەنەوە و ڕادەستی ئەو بارودۆخە نابن، کە تێیدا دەژین. ((بێهودەکان باوەڕیان وایە،کە کەسایەتییان گەمارۆدراوە بە مردن و گۆشەگیر بە کاتی چەقبەستوو، بێجووڵەن، بۆیە فشار دەخاتە سەر کەسایەتییەکان بە هۆکارێکی ئیستاتیکی،نەوەك بکەوێتە نێو بۆشاییەکی گەورەوە. نووسەر بوون یان بوونی مرۆڤ لە دوانەی مردن و ژیاندا کورت دەکاتەوە))[سعدون:367:2016].

### 4 .3 گەڕان بە دوای ڕاستی و حەقیقەتدا:

تێڕامان و تێفکرین بەدوای ڕاستی و حەقیقەت لە فەلسەفە جیاوازەکاندا، بە وردی تیشکی خراوەتە سەر و هەر فەیلەسوفێك لە ڕوانگەی دونیابینیی خۆی و فەلسەفەکەی خۆی واتای جیاوازیان بە چەمکی حەقیقەت بەخشیوە، لە فەلسەفەی بێهودەییشدا ((گەڕانی هەمیشەیی بۆ حەقیقەتی ڕەها و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە مەعریفە بوونی هەیە.))[یحیاوی:28:2018].

### 4 .4 گۆشەگیری و هەستی خەمۆکی و دڵتەنگی:

خەمۆکی و دڵتەنگی و گۆشەگیری هەڵچوونێکی دەروونییە و پەیوەندیی بە ناخ و ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە و بە هۆکاری جیاجیا تووشی دەبێت. یەکێك لە خاسیەتە زۆر دیار و باوەکانی فەلسەفەی بێهودەیی لەو خاڵەدا چڕدەبێتەوە،(( گۆشەگیرییەکە وەك تۆپێکی بەفرین وایە، لە دڵی خەڵکدا گەورە دەبێت، خەڵك بەدەگمەن پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن ......، چونکە خۆپەرستی و ترس دڵی پڕکردوون، لە ترسی کەسانێك، کە پێگەی کۆمەڵایەتی لە خۆیان بەرزترە، پێبکەنن یان سەیریان بکەن، بۆیە هەوڵ دەدەن بۆ داپۆشین و شاردنەوەی خۆیان ئارەزوو و ئاواتەکانیان بە بێدەنگی لە دڵدا دەمێنێت و تەنانەت ئەگەر مافی دەربڕینیشیان هەبێت. (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) کوڕەکان هاوڕێیەکی باش دیارن، کەچی پەیوەندیی نێوانیان دابڕاوە و بێویژدانانە هیچ گەرم و گوڕی و ئاسوودەییەك لە نێوانیاندا نییە.))[jiang zhu:2013:1465].

### 4 .5 خەون و خەیاڵ:

ئەدەب دووبارە دروستکردنەوەی جیهانێکی نوێیە لەسەربنەمای خەون و خەیاڵ. بەرز ڕاگرتنی ئاکارە بەرزەکانی ناو واقیعە و تێکهەڵکێشانیەتی لەگەڵ ئەدەب و ژانرەکانیدا. دەقی ئەدەبی وابەستەی چێژ و سوود دەبێت و دەبێت بە کۆڵەگەی تەواوکاریی چواچێوەی ئەدەب، هەر لە فەلسەفە جیاوازەکانی گریك و ڕۆمانەوە تا دەگاتە ڕێنیسانس و سەدەکانی ناوەڕاست و قوتابخانە فەلسەفییە جیاوازەکان تاکو سەدەی بیستەم، خەون و خەیاڵ وەکو کەرەستەیەك یان ڕەگەزێکی ئەدەب دابڕاو نەبووە لە پێکهاتە و پەیکەری دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی، لە فەلسەفەی بێهودەییشدا ((پشتبەستن بە خەون و ئەفسانەکان، بەرجەستەبوونی ڕاستیی مرۆڤ، کە خەون بە ڕاستی دەبینێت، گەیشتن بە مەعریفە تەنها لە جیهانی خەون و ئەفسانەدا دەدۆزێتەوە)) [یحیاوی:29:2018].

### 4 .6 گاڵتەکردن و بەکەمزانینی ژیانی ڕاستەقینە:

بێهودەییەکان فەلسەفەکەی خۆیان لەسەر بنەمای هیچ و بێمانایی ژیان بنیاتناوە، بەشێوازێك لەڕێگەی گاڵتەوگەپکردن بە هەموو شتێك دیاردەکانی ژیانیان لێکدەدایەوە، ئەوان پێیانوایە ((ئەو پوچەڵ و گەمژەییانەی دونیا، کە لە نێو ژیاندا بڵاوە، ناکرێت لەبەرچاوی ئەو کەسەی شەیدای جاویدانییە نەبێتە پێکەنین ئامێز یا گاڵتەجاڕی، بەرلەوەی نەخشەی ڕێگایەکی نوێ دابنرێت دەبێت تێکبدرێت)) [حوسێن:228:2007]، بۆیە لەڕێگەی زمانەوە ئەوان هاتن گۆڕانکارییان لە دەستور و بنەماکانی دەقی ئەدەبیدا کرد و زمانی ئاساییان کردە جێگرەوەی زمانی چینی باڵا یان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp188-196

زمانی نەریتی دەربڕینی خەم و ئازارەکانی ژیان، ئەویش بەشێکی گەورەی گاڵتەجارییە (سخرية).

## 5. پەیوەندیی فەلسەفەی بێهودەیی بە ڕێبازەکانی ئەدەبەوە:

ئاشکرایە جەنگی یەکەمی جیهانی هۆکارێکی گرنگ و کاریگەر بوو لەسەر دروستبوونی بارودۆخە جیاوازەکانی سەردەمی جەنگەکە بەشێوەیەکی گشتی، بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەدەب کرانەوەیەك بوون لەچوارچێوەیەکی سنوورداردا، بەتایبەتیش ڕێبازەکانی دادایزم و سوریالیزم و سیمبۆلیزم و نهلیزیسم..... هتد، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو ڕێبازانە پێوەندییەکی تەواویان بە فەلسەفە و ئەدەبەوە هەیە، لێرەدا هزر و ئایدۆلۆژیای بێهودەیی ململانێیەکی سەرەکیی بنەمای دروستبوونی ڕێبازە تازەکانی سەدەی بیستەم بوو، کە زۆربەیان گەڕان بوون بە دوای ماناکانی ژیان لە جیهاندا، سەلماندنی بوونایەتی ((هەموو شتێکدا بوونی لەپێش بوونیەوەتی، ئەمەش لەزۆربەی قوتابخانە جیاوازە فیکرییەکاندا، بەدیدەکرێت)) [ئەدهەم:2009:2017]، لەبەرئەوە دەبینین بنەمای سەرەکیی بنیادی فەلسەفیی هەموو فەلسەفەکان گەڕان و سەلماندنی بوون باوەڕهێنانی تاکە بە شتە ماتریالیەکان و پابەندبوون و پەیوەستنەبوونە بە کۆت و بەندی یاسا ئاینییەکان.

گۆڕانکارییەکانی سەردەم و پێشکەوتنی خێرای کۆمەڵ بە گشتی، زۆرجار دەبێتە هۆکارێك بۆ پەیدابوونی ژانرێکی تازە یان بیروباوەڕ و فەلسەفەیێکی نوێ، لەبەرئەوە دەبینین، کە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا و پەیدابوونی چەندین ڕەوتی فەلسەفی، کە لە پەیڕەو و پرۆگرامدا تەواوکەر یان ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی یەکتربوون دەرکەوتن و بەشێوەیەك لە شێوەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتر دروست کردبوو.((کاکڵەی بیری (بێهودەیی و وجودیەت) تەواوکەری فەلسەفە ئەدەبییەکانی ساڵانی نێوانی دوو جەنگە جیهانییەکە بوون، بەڵام بە شێوەیەکی تازە هەردوو فەلسەفە، کە لە واقیعی کۆمەڵایەتی ڕادەکەن، ئەو ڕاکردنەش بەزۆر وێنەی جیاواز خۆی دەنوێنێ، لە ژێر زۆر دروشمی جیاجیادا دەردەکەوێ)) [گەردی:183:2017].

## 7. شیکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی بە پێی بنەماکانی فەلسەفەی بێهودەیی (نالی _سالم _کوردی _حاجی قادری کۆیی _حەمدی ) بەنموونە.

شاعیر تاکێکە وەکو هەر تاکێکی ئاسایی و لەگەڵ هەر هاونیشتمانییەکی خۆی لەگەڵ هەموو ئەو بار و گۆڕانکارییانەی کۆمەڵ دەڕوات، بەڵام جیاوازتر لەهەر کەسێکی ئاسایی درك بە ورد و درشتی بارودۆخ و لایەنە جیاوازەکانی دەوروبەری دەکات، بەو پێیەی خاوەنی هەندێك سیفاتی دووربین و هەستناسکی و هەستیار و ... هتدە. ئەو زیاتر دەکەوێتە ژێر باری کاریگەرییە نەرێنییەکان بەشێوەیەکی گشتی، بێهودەییش وەکو فەلسەفە یان فەلسەفەیێکی دژەباو و لایەنگیری هەموو ئەو نووسەر و ئەدیبانەیە کە ڕووبەڕووی واقیع و توانای خۆگونجاندنیان نییە لەواقیعدا، یان وەکو دارێك سێبەری خۆی بۆ هەموو ئەوانەی کەلەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگادا نامۆن دەبەخشێت. شاعیرانی کلاسیکی کوردیش کەم تا زۆر یان ئاگادار یان بێئاگا تاڕادەیەکی باش کەوتوونەتە ئەو بارودۆخەوە و پەیڕەوی هەندێك لەو یاسا و بنەمایانە دەکەن کە فەلسەفەی بێهودەیی لەسەر بنیات نراوە، لێرەدا و لەم توێژینەوەیە چەند نموونەیەکی شیعری و چەند شاعیرێکی کلاسیکی کوردی دەکەینە بەڵگەیەك بۆ هەبوونی بنەما فەلسەفییەکانی بێهودەیی ئەدەبی کۆن بەگشتی و شیعری کلاسیکی کوردی بەتایبەتی. لەسەرەتاشدا بە شیعرەکانی نالی دەستپێدەکەین ، نالی هەروەك ئەدیبێك پەیوەندییەکی هاوتەریب لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا دروست دەکات بەشێوەیەکی درککپێکراو، چونکە (( ئەگەر نالی وەك خوێندنی حوجرە زانستەکانی ئیسلامی هەزم کردبێ، بەتایبەتیش زانستەکانی کەلام و زانستی لۆژیك، دیارە لە دەرگاکانی فەلسەفەشی داوە))[مەولوود:123:2027]نالی دەڵێت:

**من لە تەوری عالەم و دەوری فەلەك**
**زەربی لازیب، زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم**

نالی وەکو شاعیرێکی کلاسیکی سەدەی نۆزدەم ئەگەرچی پێش سەرهەڵدانی یان چەکەرەکردنی بیروباوەڕی چەمکی بێهودەیی ژیاوە، بەڵام بوونی هەندێك بەیتی شیعری لەدیوانەکەیدا وادەکات ئێمە دان بەبوونی خاسیەت و بنەماکانی ئەو فەلسەفەیە دابنێین. لەم بەیتە شیعرەی سەرەوەدا دەبینین بەبوونی چەند وێنەیەکی سادەی شیعر و لێکدانەوەی فۆرمی واتایی و بنەماکانی جوانناسی و مۆسیقای شیعری ناو دەقی شیعرییەت، خۆی دەخزێنێتە باوەشی فەلسەفەی بێهودەیی و بەشێوەیەك لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم و ژیان و واقیعی ئەو کاتدان بەنەگونجان و ململانێیە دەروونییەکەی ناخی خۆی دادەنێت، کەلەئەنجامی (تەوری عالەم) و (دەوری فەلەك) برینی بێسارێژی خۆی دەخواتەوە، ئەو گرێ ناچاریانەی نالی لەم دێڕەدا بەکاری هێناوە بەڵگەن بۆ بەجیهانبوونی دەقەکە و وەکو دوانەیەکی تایبەت کە نارەزایەتی و قبوڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی سەرتاپای گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگایە. هەروەها لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر؟ تەی کەری هەوراز و لێژ**
**سینە پان و، مووچە کورت و، شانە بەرز و، گوێ درێژ**

ئەگەر سەیری فۆرمی شیعریی بەیتەکە بکەین بەبێ لێکدانەوە بۆ ناوەرۆکی شیعرەکە، واتێدەفکرین، کە (نالی) وەسفی گوێدرێژێك دەکات" کە لەڕابردوودا هەیبووە و سوودی زۆری لێ بینیوە،بەڵام لەبنەڕەتدا نالی لەپشتی واتای ئەو بەیتەوە چەند مەبەستێکی شاراوەی هەیە، کە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بەو شێوەیە تەفسیری بۆ کردووە ((نالی، کە لەم شیعرەیدا وتوویە: ((هەی کەرێکم بوو.....) و نەیوتووە: ((من کەرێکم بوو)) چەند مەبەستێکی بووە: یەکەم، ئەگەر بیوتایە من)) لەوانەبوو ئەوەی ئەیخوێنێتەوە بسڵەمێتەوە، چونکە بەر لەتەواوکردنی نیوە شیعرەکە، مەعناکانیش باش نایەت... دووهەم: وشەی ((هەیکەر)) خۆی لەفارسیدا بەئەسپی کوێت ئەڵێن و نالی گەیاندنی ئەم مەعنایەشی مەبەست بووە. سێیهەم ((هەی کەر)) مەعنای بانگەوازێکیش ئەگەیەنێ و ئەوەش بۆ ئێرە زۆر لەجێیە)) [نالی:1379 :236]، کەواتە نالی لەو دوو دێڕەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەکانی (هەی کەر، تەی کەر) چەند واتایەکی شاراوە لەپشتی وێنەکەوە نیشاندەدات، کەلە شیکردنەوە و لێکدانەوەی وشەکانەوە واتای مەبەستدار بەردەست دەبن، چونکە ((وشەکان چەندین ڕێگەی جیاوازیان هەیە لەواتا بەخشیندا، واتای هەر وشەیەکیش هەمیشە بەپێی ئەو سیاقەی تێیدا بەکارهاتووە دەردەکەوێت)) [بدوی:1996 :257], ئەوە جگە لەوەی ئەو وشە و زاراوانەی نالی وەکو کەرەستەی شیعر بەکاری هێناوە بەسەدان لەو وشە و زاراوانە لە فەرهەنگەکانی فەلسەفەش تۆمارکراون )) [مەولوود: 126:2027], لە دێڕێکی تردا نالی دەڵێ:

**هـەتا تـۆم ئاشـنـابـووی، ئاشـنـام بوون**
**ئەمێسـتا مــوو بـەمـووم ئەغیـارە بێ تۆ**
**هـەمــوو ڕۆژێ لـەتـاو هیجرانی ئەمسـاڵ**
**تـەمەنـای مـــردنـی پێـــرارە بـێ تـــۆ**
**لەحەسرەت سەرووی قەدت چاوی ((نالی))**
**دوو جـۆگە، بەڵکـو دوو ڕووبارە بێ تـــۆ**

(نالی:1379: 307)

ڕەشـبینی، دڵتەنگی، خەمباری، خاسـیەتێکی زەق و دیاری بەشـێکی زۆری فەلسـەفە ئەدەبییەکانە بەگشـتی و چەمکی بێهودەیی بەتایبەتی، کە لە هەموویاندا هەڵچوونێکی نەرێنیە لەبەرامبەر بارودۆخە جیاوازەکانی ژیان، ئەو کاتەی لەسەربوون و نـەبوون یان بێهانایی ژیان و قـەدەردا بـەردەوام لەگفتوگۆدان لەگـەڵ خۆیان و هاوشـێوەکانیان لەکردار و گوفتاردا، ئەگەر ڕوانینێك بۆ ئەو دەقە بکەین دەبینین جگە لەچەند وێنەیەکی شـیعری پڕاوپڕ لە خەماوی و خەفەتباری هەڵگری چەند دەلالەتێکی هاوشێوەیین بەتەریب لە وشەکانی (ئەغیار، هیجران، مردن، حەسرەت)، کە لەهەموو بارێکدا ئاماژەن بۆ هەبوونی ململانێیەکی دەروونی، کەشـاعیر تێیدا بکەرە، بەتایبەتیش ئەو کاتەی، کە ((لەشیعری باشدا پێوەندییەکانی وشەکان یەکجار پتەون)) [قەرەنی:2021 :104] زیاتر دەردەکەوێت.

سـەبارەت بەسـوخریە و گاڵتەجاڕی نالی لە دیوانەکەیدا بەشـێوەیەکی ڕوون و دیار لەچەند دێڕە شـیعرێکدا بەشـێوازی گاڵتەجاڕی نارەزایی بەرامبەر بارودۆخەکانی ژیان دەردەبڕێت یان بەشێوەیەکی دی تانە لەو کەسایەتی و کەسانە دەدات، کە لەبەرامبەر ئەرکە بەرپرساوەکانی خۆیاندا دەستکورتن، (نالی)ش بە کۆکردنەوەی چەند وشـە و دەستەواژەیەکی گاڵتەجار وێنە و مەبەستێکی شیعری دەکاتە بەردەست.

لەلایەکی دی (کوردی)ی شـاعیر یەکێکی دیکەیە لەو شـاعیرانەی بەبێ درککردن بەخاسـیەت و بنەما باوەکانی بێهودەیی پەی بە بەکارهێنان یان چوونە ناو ئەو بنەمایانە بردووە، کە هۆکاری گرنگ و سەرەکیی دروستبوونی فەلسەفەکەن، دەڵێت:-

**چاو و گوێم، والان، بەچوار لادا، کەرێگە دەربکەم**
**بـۆ حـەپەی سـەگ بێنێ، یا بـۆ تروسکە ئـاگرێ**
**ڕێگە دەرناکەم لەبۆ کۆنە هەوار، لـەم وەحشـەتـە**
**لوتفـی قـادر گـەرنەبێ، قەت ئـەم تەمە لانابـرێ**
**کوردی دابنە لەناو کۆشکی عیجزدا و دەنگ مـەکە**
**تـــا تەتەریـێ، ڕێنـومایـت کـا، لەلایـەن قـادری**

لەم چەند دێڕە شـیعرەی سـەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە (کوردی) کەوتۆتە گێژەلووکەیەك لەم جیهانەدا لەهەرچوارلادا دەروازەیەك شـك نابات بۆ ڕزگاربوون و دەرچوون لەم هەموو نەهامەتی و مەینەتی و وەحشـەتە. ((لێرەدا مرۆڤ خۆی بە بەرپرسـیار دەزانێت لەو شـتە نائومێدانەی بەسـەری دێت و کەتێیدا خۆی لەوە دەبینێتەوە کەناتوانێت هەڵسـتێتەوە و خۆی بەو جیهانە دەبەسـتێتەوە و هەسـتی بێهودەیی یاخود بێهانایی لەژیاندا دەکات، وەکو مرۆڤێك دەبینێت خۆی لەخۆیدا بێ سـود بووە و لەزاری نیچەشـدا ئێمە ماندووبووین لەئادەمیزاد، ئەمەش میتافۆرێکە لەنهێلیزم)) [ سایجی:2018 :33] ، کەوابێ ئەو هەستەی کوردی تەواو هەستێکی بێهودەیی یە لەژیان و خەون و خەیاڵی خۆی دەبەسـتێتەوە بەموورادێکی بێهانا و پووچ کە بەحەپینی سەگ یان دووکەڵی ئاگر وەدەست دێت.

نەگونجان و ململانێیی دەروونی لەگەڵ واقیعی ژیان و سـەردەم، یەکێکی ترە لەبنەما سەرەکییەکانی فەلسەفەکە، پێویستیەکانی تاك و پەیوەستکردنی بەژینگەی دەوروبەری پەیوەندیی تاك بە بارودۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵ پێشـکەوتنی یان گۆڕانکارییە خێراکان بەشـێوەیەکی گشـتی کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەس یاخود تاك دروست دەکەن، بەو پێیەش هەردوو جەمسەری سەرەکیی گونجانی تاك، دەروونی خودی خۆی و ژینگەی دەوروبەریەتی، کە بەئاراسـتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە، مسـتەفا بەگی کوردی لەم بەیتانەی خوارەوەدا دەیەوێت لەڕێگەی بێ هۆشی و مەی و (خوم)* و سەرخۆشیەوە لەم دونیای چەپەڵ و پیس و حوققەبازەوە دەربچێت، دەڵێت:

**باهەمـوو، خـۆمان بکەینـە خـوم لەمەستیـدا هەتـا**
**خەم بەپێچ و خەم وەکو سەگ شەق ئەکا شوقی بەراز**
**فـرسەتە یـاران شـەوێك و ئەمشەوە سـا وەرنـەوە**
**بێنە جۆش، دەرچین لەتەوری پیسی دونیای حوققەباز**

(کوردی،1398: 249)

بەکەم زانین و ڕازینەبوون بەژیانی ڕاسـتەقینە و ڕادەسـتنەبوون خاسـیەتێکی ترە لەخاسیەتەکانی فەلسەفەی بێهودەیی، (کوردی)یش لەدیوانەکەیدا ئەو جۆرە نارەزاییانە لەچەندین دێر و وێنەدا پیشـان دەدات، کە لە زۆربەیاندا وەکو شـەکوا و گلەیی یان بێزار بوون لەهەموو لایەنێکەوە ،کە هیچ تروسـکاییەکی ڕووناکی لە ڕێگاکەی خۆی دەرناکات و دونیا تەنها سـەرچاوەیەکی بەرتەسـکە بۆ مرۆڤەکان بەگشـتی و شـاعیر بەتایبەت، بۆیە دەڵێت:

**ئەگەرچی ڕۆژ و شەو مەشغوڵی نەغمەی موتریم ئەمما**
**لـە غەم خاڵـی نییـە ساتـێ دڵەی مەفتوون و غەمگینم**
**نـەهـەر دەردی منـە تەنیـا، ئەمـە دەردی هەموو لایە**
**بـەجـارێ مولکی شێواوە، لەنەگبەت ماه و پەروینم**
**هەزار خۆزگەم بەخۆت دوری لەشاری پڕ بەڵاو میحنەت**
**لـەفـرسەتـدا منیـش هەڵـدێم لەتەڵخی شـاری شیرینم**

(کوردی:1398 : 91 )

هەروەها (حەمدی)ی شـاعیر یەکێکی ترە لەو شـاعیرانەی بەبێ ئاگاداربوون یان بەبێ مەبەست ڕاستەوخۆ چووەتە ژێرباری فکر و فەلسەفەی بێهودەیی، هەروەکو ئەوانی دی جیهانبینیی خۆی گەشـەپێداوە و دەچێتە خانەی بێهودەیی، لەبەر ئەوە ئاسـاییە شـاعیرانی کلاسـیك بەگشـتی و شـاعیرێکی وەکو حەمدی بکەوێتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە، چونکە کامۆ دەڵێت: ((بێهودەیی تەنها سیفەتی مرۆڤی سەدەی بیستەم و جیهانی دەوروبەری نییە، بەپێچەوانەوە سروشـتێکی بەقووڵی سـەرکوتکراوە، هەتاکو ئەو کاتەی کەبێ کەڵکی لەمرۆڤدا نییە و لەجیهاندا نییە، بەڵکو بەیەکەوە لەبوونیاندا هەیە و بێهانایی تاکە ئەڵقەیەکە بەیەکەوەیان دەبەسـتێتەوە)) [الامام:2022 :1100] .
ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بگوترێت فەلسەفەی بێهودەیی پەیوەستە بە نووسەران یان شـاعیرانی دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە وەکو فەلسـەفە، بەڵام مەرج نییە ئەوەی

* خوم: مەبەست کوپەی شەرابە، کووپەی مەی، کووپە.

بەو شـــێواز و ســـتایلە ئەدەبەکەی خۆی پێشـــکەش بکات تەنها دەبێت دوای سەرهەڵدان و دروستبوونی فەلسەفەی بێهودەیی بێت.
ئەگەر ســـەیری دیوانەکەی حەمدی بکەین دەتوانین چەند نمونەیەك بۆ ئەم جۆرە فەلسەفە یان چەمکە بێنینەوە، لەیەکێك لەشیعرەکانیدا حەمدی دەڵێت:

**ئەحواڵی ئەم زەمانە لەکایەی مناڵ ئەچێ**
**دنیایەکی چ پوچە لەزەرفی بەتاڵ دەچێ**
**لەم باغە هەردەمە کە دەگا میوەیی دەڵێی**
**ئەم کۆنە گۆمەزە لەدوکانی بەقاڵ ئەچێ**
**نەفس و کەمالی خەڵکی جیهان موعتەبەر نیە**
**هەردوو محەققەقە کەبەدەستی زەواڵ ئەچێ**

( مەولود:2010 :65 )

حەمدی لەرێگەی بەکارهێنانی وشـــەکانی (پوچ و بەتاڵ) وەســـفی دونیا و زەمان دەکات و گوزارشـــت لەحاڵ و بارودۆخی ئەو کاتە دەکات، کە تێیدا ژیاوە، دیارە بە ڕازینەبوون یان قبوڵنەکردنی ئەو دۆخە خۆی دەخزێنێتە نێو چوارچێوەکەوە، چونکە ژیاننامەی حەمدی پڕاو پڕە لە چیرۆکی تراژیدی و کارەســـاتی گەورە و ڕووداوی ئازاربەخش ئەویش لەئەنجامی شـــەڕو داگیرکاری و نەبوونی کایەیەکی ســـەربەخۆی کوردی حەمدی بەشێوەیەك لەشێوەکان گوزارشت لەناخ و دەروونی دەکات و گلەیی و شـــەکوا لەو زەمانە دەکات، کە وەکو کایەکی منداڵان وایە و کەوتۆتە نێو ئەو دونیا پوچەی، کە مرۆڤ ناتوانێ ڕووبەڕووی واقیعەکە ببێتەوە.
هەروەها دەڵێت:

**داوەشێی بـۆ دەور و چەرخـت بـۆ هەیئەتـت**
**وادەبێ تەنزیی دنیا وا دەکەی تەسکین بەشەر**

( مەولود:2010 : 124 )

حەمدی لەم بەیتەدا ڕەخنە لەهەڵسوکەوت و مامەڵەی مرۆڤ دەگرێت لەدونیا و هەڵســـوڕانی دونیادا، واتە بەشـــێوەیەك هیچ مانایەك بەمرۆڤ و بوونی مرۆڤ نابەخشـێت، بێگومان ئەوەش لەبوونگەراییەوە سـەرچاوە دەگرێت و دەرهاوێشـتەی ڕەشبینیی پەیڕەوکەرانی عەبەسیەکانە، ئەویش هاوشـێوەی ئەوان دەکەوێتە حالەتێك، کە ناتوانێت ڕادەســـتی واقیع بێت و ئەو ژیانە وەکو خۆی وەرگرێت، کە هەیە. لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

**هـەر سـەگێ جارێ وەڕی یاخـۆ کەرێ نەختێ زەڕی**
**تـۆ دەم و ملیـان دەبێ پڕکـەی لەلوقمـە و تۆقی زەڕ**
**من عەبەس لۆمەت دەکەم بێ سوودە تەعنەت لێ ئەدەم**
**ئـەی سوپەهری بەدڕەوشـت و بەدنیهاد و بـەدگوهەر**

بێگومان حەمدی لەدیوانەکەیدا لەچەندین شـــوێنی جیاوازداهەنگاو بەرەو بێهودەیی و خاسـیەتەکانی دەنێت، کە بەهەموو ماناکانیەوە گوزارشـت لەناخ و دەروونی بێهودەیی خۆی دەکات. لەم نموونانەی ســـەرەوەدا حەمدی لەرێگەی بەکارهێنانی چەند دەســتەواژەیەکی یان وشــەیەکی تاڕادەیەك نەشـیاوی وەکو (سـەگ، وەڕین، زەڕین، کەر) بەجۆرێك لەجۆرەکان وێنەیەکی ســـوریالیســـتی و تاڕادەیەکیش بێهودەیی نیشـــاندەدات، کە ئەوانیش بێ پێچ و پەنا و بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ دەربڕینەکانی ناخیان وێنا دەکەن هاوشێوەی ئەو بەیتە شیعرە، ئەمە جگە لەوەی وشەی (عەبەس) لەدێری دووەمدا ڕاســـتەوخۆ لەلایەن حەمدییەوە بەکارهاتووە وەکو ئاماژەیەکی زەق ئاشـــکرا بۆ گەڕانەوە و لەخۆگرتنی فەلســـەفەکە بە ئاگاییەوە بێت یان نا، کەواتە (حەمدی)یش هەروەکو (ئەلبیر کامۆ) و (ســـامۆئیل بیکیت) و شـــاعیرانی ســـەر بەفەلســـەفەی بێهودەیی هەموو ئەو خاســـیەت و ئاماژانەی تایبەتن بەم فەلســـەفەیە لەشیعرەکانیدا بەرجەستە دەبێت.
حاجی قادری کۆیی، یەکێکی ترە لەو شـــاعیرانەی کۆمەڵێك خاســـیەت و بنەمای فەلسەفی لەشیعرەکانیدا دەردەکەوێت، بەو پێیەی، کە شیعر و فەلسەفە لەگەڵ یەکدا یەکانگیر دەبن و هەموو دەقێکی ئەدەبی یان هەر بەیتە شـــیعرێك دەکرێت هەڵگری چەند دەلالەتێکی فەلســـەفی بێت، لەبەر ئەوە ((ئەدیب، کە بەرهەمێکی ئەدەبی دادەڕێژێ هەرگیز بێ ڕوانین و لۆجیك و لەخۆرا نییە و هەمیشـــە بیرو مەبەســـتێکی لەپێشـەوەیە و زۆرجار دەربڕی بیرو هزرێکی هیومانیسـتی یان شـەڕەنگێز گوزارشـت لەڕەفتار و ئاکار و ڕەوشـــتی دەکات، بەو واتایەی لەگەڵ فەلســـەفەدا کار دەکات)) [حوســـێن نازم: 2020: 7-8]، واتە بەشـــێوەیەکی گشـــتی هەر دەقێکی ئەدەب لەبەرامبەر چەمکێکی فەلســـەفیدا دەوەســـتێت، ئەگەرچی ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی هەندێك لەڕەخنەگر و فەیلەســـوفان بەپێچەوانەوەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا بە بەڵگە چەند نمونەیەکی شـــیعری حاجی دەخەینەڕوو هەروا بنەماکانی فکر و فەلســـەفەی بێهودەیی لەسەر پراکتیزە دەکەین، بۆ نمونە حاجی لەم بەیتەدا دەڵێت:

**من لەغەمخواری ئەم قسانە دەکەم**
**وەرنە پەشمە لەلام هەموو عالەم**

(میران،1390)

حاجی دیارە لەدێری پێش ئەو دێرەدا هەندێ قسـە دەکات کە لە خەمخواریەتی ئەگەرنا هـەموو دونیـا لەلای ئـەو هیچـە و هیچ مـانـایـەك نـاگـەیـەنێت، بێگومـان ئـەوەش لە فەلســـەفەی پوچگەراییەوە بۆ دەقێکی شـــیعری ئاراســـتە دەکرێت، چونکە ((بەپێی فەرهەنگی ئۆکسـفۆرد چەمکی پوچگەرایی یان نهێلیزم لەڕووی فەلسـەفییەوە بریتییە لە بیروباوەڕێک کەتێیدا کەهیچ شـتێك بەهای خۆی نییە و بەتایبەت لایەنی ناسـینی و بنەما ڕەوشتییەکان)) [Hornby: 2003: 859].
(حاجی)ش لەرێگەی بەکارهێنانی دەسـتەواژەی (پەشمە)، کە بە مانای شـتێکی هیچ و کەم بایەخ دێت گوزارشـــت لەدونیای دەوروبەری خۆی دەکات و بەهیچ بەها و قیمەتێك بۆ بوونی یان وجودی جیهان دانانێت.
لەنێوان ئەدەب و فەلســـەفەدا پەیوەندییەکی کردەیی هەیە، کەئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی لەهەردوو جەمســـەریدا یەکێکیان ئەدەبی و ئەوەی تریان دەبێت جەمســـەرێکی فەلســـەفی بێت لەبەرئەوە ((لەمێژووی ڕۆشـــنبیری جیهاندا، هەمیشـــە بەرهەمی هونەری و فەلســـەفی پەیوەندییەکی قووڵیان هەبووە، ئایدیا فەلسـەفیەکان، بەتایبەتی بەشـێوەیەکی قووڵ و ئۆرگانیك لەئەدەبدا دەردەکەوێت، ئەو

بەرهەمە کۆنانەی ناوەڕۆکێکی فەلسەفیان هەیە زۆربەیان سروشتێکی ئەدەبی-هونەرییان هەیە و بەشێوەی شیعر بوون) [حوسێن و نازم،2020 ،28] ، کەوابێت لەبەرهەمی شعری هەر شاعیرێکیشدا ئەوە بەدی دەکرێت، بوونێك هەیە خۆی لەفەلسەفە نزیك دەکاتەوە، حاجی قادری کۆیی لەدێڕە شیعرێکدا گرنگی بەبوونی مانا دەدات، ئەو مانایەی کە کامۆ و کێرگارد و بیکیت بەدوایدا دەگەڕێن، حاجی دەڵێت:

**هێندە سوورەت زۆر بووە، مەعنا لەبەینا ون بووە**
**ئیشەکی بێ سوورەت و مەعنایە عەیبی بت پەرست**

(میران و شارەزا:1390: 61 )

حاجی دەڵێت ئەوەندە گرنگیدان بەڕواڵەت و ڕوخسار زۆر بووە، ئەوەندە بایەخ و بەهای مانا و ناوەڕۆك نەماوە، لەگەڵ ئەوەش تێدا بتپەرستی عەیبە نییە و ڕەخنەی لێ ناگیرێ، چونکە هەر مانای نییە یان ئەو مانایە نادات کە بەدوایدا دەگەڕێن، لێرەدا حاجی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خانەی کەهەردوو فەلسەفەی عەدەمیەت و وجودیەت کاری لەسەر دەکەن و ئامانجەکانی خۆیانی پێ دەپێکن کەهەردوو فەلسەفەکەش بەشێکن لەفەلسەفەی بێهودەیی، لەبەرئەوە بێهودەیی هەوڵی گەڕان دەدات بەدوای مانا و دروستکردنی مانا بۆ شتەکان، ئینجا ئەو خاڵە هاوبەشەی نێوان فەلسەفە و ئەدەب ((لەدەوری یەك بابەتدا دەسوڕێتەوە، ئەویش بریتییە لەحەقیقەت (ڕاستی)، ئەم دوو لقەی مەعریفە بۆ تێگەیشتن، یەکێکیان بۆ تێگەیشتنی واقیع و ئەوەی دیکەیان بۆ تێگەیشتن لەهەستەکان)) [حوسێن و نازم،2020 ،51]. کەواتە هەر لەم دوو دێرە شیعرەی حاجی وەکو نمونە باسکران، لە یەکێکیاندا حاجی دونیا بەشتێکی پڕوپوچ و بێ مانادا دەنێت و هیچ مانایەکی پێ نابەخشێت، لەهەمان کاتدا لەنمونەی دێری دووەمدا هەوڵی دۆزینەوەی مانایەکی جەوهەری دەدات لەژیاندا هەروەکو فەیلەسوفانی بێهودەیی لەسەدەی نۆزدە و بیستەمدا.

عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقران (سالم)یش یەکێکی دیکەیە لەو شاعیرە کلاسیکییانەی، کە زۆر لایەنی شاراوە لەدەقە ئەدەبیەکانیان بەدیدەکرێت و وادەکات پرسیار گەلێك بۆ شیکردنەوەیان بێتە ئاراوە، کە لە دیوی پشتەوەیدا ئایدۆلۆژیا و جیهانبینی خودی شاعیر ئاشکرا دەکات، سالم لە دیوانە دووبەرگییەکەیدا کۆمەڵێك بەیتی شیعری هەیە، کە بابەت و وێنەکانی لەدەوری ئەو قوتابخانە ئەدەبییەدا دەخولێنەوە، لەنێویدا کۆمەڵێك پرسیار و وەڵامی بەرامبەر بوون و دونیا و ڕۆژگار و خودا و ...هتد هەن، ڕەنگە ئەوەش کاریگەریی ژیانی پڕ ئازار و چەرمەسەری و تراژیدیی سالم خۆی بێت، چونکە فەلسەفەی بێهودەیی لەسەرەتا وەکو باسکرا لەپێشەوە نارەزایی و ڕەزامەندیی کۆمەڵێك کەس بوو لەدوای جەنگە جیهانییەکان بەرامبەر بەژیان و واقیع و سەردەم بەتایبەتی لەڕێگەی گەلی فەرەنساوە ئەو بیرۆکە هاتە ئاراوە، بەتایبەتیش ڕەشبینی خاڵی سەرەکییە لەنێوان شیعرەکانی سالمدا، بەو ڕادەیەی ئەگەر پۆلێنێکی ورد بۆ سەرجەم شیعرەکانی ناو دیوانەکەی بکەین ئەوە دەبینرێت، ڕەشبینی و دڵتەنگی بەرامبەر زۆربەی لایەنەکانی ژیان و دەوروبەر و کەسایەتی هەیە، بەشێوەیەك هەندێك جار هیچ ئومێدێك بۆ ژیان و سەرچاوەکانی نادۆزێتەوە ناچار بەدوای هەندێك خاڵی ئەرێنیدا دەگەڕێت ئەویش لە دونیاکەی ترە، سالم لەبەیتێکدا دەڵێت:

**وایە دەرکی خەم بەڕووی دڵما، هەتا دونیا هەیە**
**دەرپچەی شادی بەوەعدەی تاقیامەت داخرا**

(سالم،2015: 19)

دیارە سالم لەماوەی ژیانیدا دووچاری چەندین زوڵم و جەور و ستەمی ناعەدالەتی بووە، هەر لەلایەنی دەسەڵاتدارانی سیاسی و سیاسەتی داگیرکاریی عوسمانی، کە چەند جارێك ئاوارەی وڵاتان دەبێت و لەو کاتەشدا تاڵاوی ژیان و ئازار و ناخۆشی ڕووی تێدەکات، ئەمە جگە لەوەی کەخۆی لەڕووی جەستەییەوە کەسێکی لاواز و بێهێز و نەخۆش دەبێت، لەبەر ئەوە بەردەوام لەشیعرەکانیدا ئەو وێنانە نیشاندەدات لەدوو توێی گلەیی و نارەزایی و قبوڵنەکردنی ژیان وەکو ئەوەی هەیە، لەبەیتێکدا دەڵێت:

**صاحێبی غەدر و فسوونە*، مادەری مەککاری دەهر**
**((بعد ازین)) نابێ بەفەرزەندێکی وەك تۆ حامیلە**

( سالم:2015: 791 )

ئەو بەیتە فیکرەی ململانێی نێوان تاك و دونیا دووپات دەکاتەوە، کە تاك بەردەوام بەدوای خێر و خۆشیی دونیایە تەنانەت لەساتە ناخۆشەکانی ژیانیشدا، بەڵام سالم لەو شیعرەدا ئەو وێنەیە نیشاندەدات، کە ڕۆژگار و دەهر لە ئەزەلەوە دایکێکی فێڵباز و مەکربازە بەرامبەر بەڕۆڵەکانی و تاهەتایە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، کەواتە گلەیی و ڕازینەبوونی سالم بەرامبەر بە ڕۆژگار و زەمانە دەیگەیەنێتە کۆتا خاڵی نائومێدی بەوەی، کە بەهیچ شێوەیەك سەختی و فرەوفێڵی ڕۆژگار قابیلیەتی گۆڕانی نییە و هەر بەو شێوەیە کە لەئێستادا هەیە، دیسانەوە لەبەیتێکی تردا دەڵێت:

**وەهچ کۆتا بوو، لەبەرطوولی ئەمەل، عومری خەسیس**
**بەحەڵاڵی وەرە میراثی لەئێمەت بدەمێ**

(سالم،2015: 791)

سالم لەپشتی مانای تەمەنەوە گوزارشت لەهیچوپوچیی ژیان دەکات، تەمەنیش هەر لەناو چوارچێوە گشتییەکەی ژیاندایە، بۆیە (سالم)یش بەشتێکی بێبەهای دادەنێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی بێهودەیی و وجودییەکان، فەلسەفەی وجودییش خۆی لەدوو جۆر دەبینێتەوە ئەوانیش باوەڕدار و بێباوەڕەکانن، بنچینەی باوەڕەکانیان دۆزینەوەی مانا بوو لەژیان یان مانادان بەژیان بە خاڵێکی جەوهەریی گرنگ دادەنرا لای ئەوان، چونکە هەردوولا لەسەر ئەوە کۆکن کەژیان هیچ مانایەکی نییە، ئەویش لەو خاڵەدا لەیەك جودا دەبنەوە کەباوەڕدارەکان لەڕێگەی ئیمان و دانان بەبوونی خودا مانای ژیان دەدۆزنەوە، بەڵام بێباوەڕان پێچەوانەی ئەوە لەبەرهەم و نوسینەکانیان ڕەتگەدەداتەوە کە ونبوونی خودی مانایە لەدانان بەبوونی خودا و ژیان.

## 8. ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانە:

* فسوون: ئەفسوون، فێڵ، ساختە، هەڵخەڵەتاندن، ئەو وشانەیە، کە جادووگەر بەکاری دەهێنێ. (پەهلەڤی. پسوون). فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی- سالم- کوردی).

1. فەلســـەفەو ئەدەب پێوەندییەکی قووڵیان بەیەکەوە هەیەو باشـــترین ئەودەقە داهێنەرانە ئەوانەن، ئەدەب و فەلســـەفە پێکەوە کۆدەکەنەوە، چونکە فەلســـەفە بە بیروهزری قووڵی خۆی و ئەدەبیاتیش بە بەهای ستاتیکی و چێژ دەوڵەمەندی دەکات.
2. فەلسـەفەی بێهودەیی بە تەواوی تایبەتمەندی و پێکهاتەکانیەوە یەکێکە لەو فەلسـەفە سـەردەمیانەی لە ئەدەب بەگشـتی و لە شـیعری کلاسـیکی کوردیدا بە تایبەتی، ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی هەیە. شـاعیرانی کلاسـیك بە بێ ئاگاداربوون لە پەیڕەو و پرۆگرامی فەلســـەفەی بێهودەیی، چەندین بنەمای فەلســـەفەکە لە شـــیعرەکانیاندا دەبینرێت و درکی پێدەکرێت، لەکاتێکدا مێژووی فەلســـەفەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەدەیەك یان زیاتر.
3. نالی ســەرباری شــاعیری،وەکو کەســایەتیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەگرێك دژی هەندێك بارودۆخ و کلتوور و داب و نەریت دەوەستێتەوە بە ئەدەبەکەی بەرپەرچیان دەداتەوە،کە ئەوەش لەگەڵ بنەماکانی فەلسەفەکە یەکانگیر دەبێت.هەروەها سەرچاوەی ڕۆشـنبیریی شـاعیرانی کلاسـیك حوجرەیە" بەو واتایەی سـەرچاوەی ڕۆشـنبیریی زانسـتەکانی ئیسـلامییە،کە ئەمەش هەمیشـە دنیاو ژیان بە فانیی ناودەبات و دنیای مانەوە و جاویدانیی دنیای دوای مەرگە،بۆیە دنیا بە هیچ ناو دەبات و بێهودەیی لێدەکەوێتەوە.
4. شـاعیرانی وەکو سـالم و کوردی و حاجی و حەمدی، لەلایەنی نایەکسـانی و نادادیی دەســـەڵات و کۆمەڵدا دوچاری جۆرێك لە غەمگینی ودڵتەنگی دەبنەوە، بەمەش دوچاری جۆرێك لە ڕەشـــبینی دەبنەوە؛ کاتێك بە هیچ ڕێگا چارەیەك ناگەن بۆ ئەم پرسە جیاوازانەی ژیان، کە ئەوان قبوڵی ناکەن و لێیی ناڕازین.
5. شـیعری کلاسـیکی کوردی بە گشـتی، لە بەر قووڵیی مانا و فراوانیی واتاکەی، دەکرێت بە چەندین واتای فەلســـەفیی جیاواز لێکبدرێتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەوڵەمەندیی دەقی ئەدەبی دەنوێنێ،کە هەر بەیتێك یان هەر وشـــەیەك ڕەهەندێکی فەلسەفیی جیاواز لە پێش یان یان دوای خۆی وەردەگرێت.

## سەرچاوەکان:


ئەدهەم،حسێن سەیید.(2017)، زاراوەناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی،وەرگێڕان عەلی شەریعەتی.

حوسێن، هێمداد.(2007 )، ڕێبازە ئەدەبیەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر.

حوسێن، نازم؛هێمداد، سەنگەر.(2018)، ڕێبازە ئەدەبیەکان، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

حوسێن، نازم؛هێمداد، سەنگەر(2020).فەلسەفەی ئەدەب، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

عارف،محەمەد نووری، (2007)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران نالی- سالم- کوردی، کوردستان هەولێر.

قەرەنی، ئەحمەد محەمەد مام عوسمان،(2021)، بنەما و فەلسەفی و زانستیەکانی ڕاڤەکردنی وشە لە دەقە ئەدەبیەکاندا،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژ.47.

مەولوود،عەبدوللا خدر.(2007)، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرە ئاینی و سۆفیگەری و فەلسەفیەکانی نالی،چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

کارێزی،تاریق.(2001)، ڕێبازە هاوچەرخەکانی فەلسەفە، چاپخانەی خەبات، دهۆك.

گەردی،سەردار ئەحمەد.(2017)، ڕەخنەی ئەدەبی،چاپخانەی هێڤا، هەولێر.

حاجی قادری کۆیی،(1390)، سەعید کەرەمی، انتشارات کردستان، سنە.

حەمدی،(2010)، عەبدوڵا خدر مەولوود، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

سالم،(2015)، ساغکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم، محمدی مەلا کەریم، بنکەی ژین سلێمانی.

کوردی،(1398)، ساغکردنەوەی محەمەد سەعید نەجاری، انتشارات کردستان، سنە.

نالی،(1379)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، سسندج انتشارات کردستان، سنە.

أبوزيتون, حنان علي فرحان.(2011), العبث عند شعراء العباسي الاول, رسالة الماجستير, جامعة اليرموك, كلية الاداب, قسم اللغة العربية.

زيتونى،لطيف.(2002)، معجم مصطلحات الرواية، ط 1، مكتبة لبنان، بيروت.

يحياوي, اميرة. (2017-2018 ),تمثلات الفكر العبثي في المجموعة القصصية, رسالة الماجستير, جامعة العربي بن مهدي ام البورافي, كلية الاداب و اللغات.

صليحة, نهاد.(1997), التيارات المسرحية المعاصرة, هيئة المصرية العامة للكتاب للطباعة, مصر.

راغب، نبيل، (مذاهب الادبية)،

سايحي، جميلة( 2018 ), العبث والتمرد في الفلسفة البير كامو, رسالة ماجستير, قسم الفلسفة, كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.

وهبه،مجدى_المهندس،كامل.(1984)معجم المصطلحات العربيه فى اللغةوالادب، مكتبة لبنان، بيروت، ط2.

ادريس، سوزان عبدالله(2017)، مشكلة الانسان في الفكر البير كامو, منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب, دمشق.

سعدون,فاتن جمعة.(2016),طبيعة الصراع في نصوص مسرح اللامعقول يوجين يونسكو انموذجا، العدد الحادى والعشرين، لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية.

شريف, عبدالستارطاهر،(1985)، قاموس علم النفس الانكليزي_عربي_كردي, مطبعة علاء, بغداد.

الامام، غادة محمد محمود محمد,(2022), ماهية اللغة بين العبثية الكلمات و مشاعريتها, مجلة كلية الاداب, جامعة الفيوم, مج 14, ع1.

بدوي , عبدالرحمن,(1996), ملحق موسوعة الفلسفة, المؤسسة العربية للدراسات والنشر, بيروت.

البهناوى ،نادية،1998،بذوور العبث فى التراجيديا الاغريقية وأثرها على مسرح العبثالمعاصر فى الغرب وفى مصر ، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

حماد،حسن،2002،مفهوم العبث بين الفلسفه والفن،مكتبه دار الكلمة ،مصر.

Onsultant john Sutherland: literary critics and critics, fitzrory dearborn,London,Chicago

Hornby,A.S.(2003),oxford advanced learners dictionary ,Vth.Ed.Ed oxford university press.